عەبدوڵڵا سەمەدی

## دڵستێنی نادیار

تۆ کێی؟ کە لە غەماویترین ئاوازەکانمدا بە شوێنتدا دەگەڕێم و تاریکترین دارستانەکانت بە دوودا دەپشکنم! تۆ دانیشتووی کام وڵاتی؟! لە هەورەکان ڕادەمێنم و ڕەگ و تاڵەکانی زەردترین گەڵاکانی پایزت بۆ دەدۆزم!

تۆ کێی؟ ئەی دڵستێنی نادیار، ئەی خۆشەویستی نەبەدی، کە لەناو دڵدای و داگری هەستی، کەچی تەلانی چۆڵت بە دوودا دەگەڕێم و سەری هەودای نیگات بۆ لە ئاوی کانیاوی بنارێکی دوورەدەست داوێژم.

ئاخر چ کەسی و چیت لێم دەوێ کە بە بێتۆ ئۆقرە ناگرم و بە تۆوە نائارام! لە شادیدا فرمێسکی گەرمت لێم دەوێ و لە خەفەتیشا هەناسەی سارد.

لە پەلەوەرێکی تەنیا و سەرگەردانا بەدیت دەکەم و لە شۆڕەبییەکی دۆش داماو و لە جووتێك چاوی تەڕ و نیگەران.

کە لە گەڕی ڕەشبەڵەك ڕادەمێنم، کۆڕی شینێکی چەمەری دەبینم کە بە دەوری تەرمی ئاواتێکی جاوپێچکەدا دەگرین و دەبارێنن.

کە لە نیوەشەوانی پایزیشدا ترپەی باران شووشەی پەنجەرەکەم دەکوتێ، چەند هەنگاوێ لە سەر ئەژنۆ پتر هێزی جووڵەم نامێنێ و وەکوو گڵمەتێك هەڵدەوەشێم و لە تۆدا دەتوێمەوە...